# درەختی مەرگ

## شانۆنامە

سەلاح جەلال عەبدوڵا

**بە سەرپەرشتی و ڕێنمایی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی سلێمانی.**

**ناوی کتێب: درەختی مەرگ**
**بابەت: شانۆنامە**
**نوسین: سەلاح جەلال عەبدولا**
**دیزاین: بەرگ و کاری هونەری: سەرکەوت پێنجوێنی**
**ساڵی چاپ: 2023سلێمانی**
**چاپخانەی جارانی سلێمانی**
**نرخ: 2000 دینارە**
**چاپ : چاپی یەکەم**
**لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( 997) 10/5/ 2023ی پێدراوە**

زەمەن پزوی گەردونە لەرۆحدا کورت دبێتەوە، رۆحی ئەوانەی وەك گڕکانی ئەستێرە بە پەلکە زێڕینـەوە دادەبارێنـەوە دەبنـە پاشـای رۆحی زەمەن، وەك رۆحی تەلێکسی(پەریزادخانی مورادی) خانمە سەرکردەی کوردانی رۆژهەڵات، لەکەنەداوە زەمەنی لەجوانی بونـدا کـۆکردەوەو بەتەکنـەلۆژیای رۆح کتـێبی(درەختی مـەرگ)ی چـاپ کرد.



**تاقی کردنەوەی دەق بە ئاستی خوێنەرانی وریا، ئەوانەی کێشەیان لەگەڵ فیکری خۆیاندایە و داهێنەرن، هەرسێ کەسایەتی جوانی هونەری کوردی:**

**1- دکتۆر دڵشاد مستەفا**

**2- هونەرمەندی بەتوانا: دەروێش عومەر**

**3- هونەرمەندی بەتوانا: سەفین ئەنوەر**

# کاراکتەرەکان

کاراکتەری وێنەگر

کاراکتەری وێنەیی

زمانی سیمۆتیکی درەخت

گلۆپی سەوزی درەخت

گلۆپی سپی درەخت

گلۆپی ئاماژەیی درەخت

توێکڵی درەخت

نوزەی ساوایەك

هــیچ کــەس و لایــەنێك بــۆی نییــە بــەبێ پرســی نوســەر کــار لــەم شانۆنامەیەدا بکات.

جیمیل:salahjalal762@jmail.com
فەیسبوك: salah jalal
ژمارەی مۆبایل واساب و تیل گرام 07508601672

# 1

(تەقینەوەیەکی گەردونی، کات و شوێن جۆکەرە، درەختێك فەزای نادیاری گرتووەو کاراکتەری وێنەگر، لە تاریکیدا هەنگاوێك دەنێت).

کاراکتەری وێنەگر: چی کارەساتێکی گەردونی بو رویدا؟!

(تاریکی، زمانی سیمۆتیکی درەخت، مۆزیکی خۆدۆزینەوە).

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەم دۆژەیەدا چی ئاماژەیەك بدۆزرێتەوە؟!

(موزیکی سەرسوڕمان).

چۆن بتوانم بگەمە ترۆپکی هیواکانم؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ تەزوی عیشەقە هەتاییەکەیدا کاراکتەری وێنـەیی لەروانینیـدا وێنـا دەکاتـەوە و بـەرەو درەختەکـە هـەنگاو دەنێت).

چی تەقینەوەو تۆفانێك بو هەڵی کرد؟!

کاراکتـەری وێنـەیی: چـی پرسـیارێك وەڵامێکـی دڵنیاکـەرەوەی تێدایە؟!

( موزیکی گومان).

کاراکتەری وێنەگر: ئەو تەقینەوەیە گەردونی بو؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت هەسارەکان لێکیان دابێت؟!

کاراکتەری وێنەگر: هیچت دێتەوە یاد؟!

کاراکتەری وێنەیی: لێرەدا بیرکردنەوە کار دەکات؟!

**کاراکتـــەری وێنـــەگر: دەبێـــت کتێبـــەکانی بـــون هـــەمـــویـــان سڕدرابێتنەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: رستەیەکیان بۆ عیشقی مەرگ تیادا نییە؟!**

**(گومان و سەرسامی).**

**کاراکتەری وێنەگر: چی بکەم هەتا ناسنامەی بون بسوتێنم؟!**

**(کاراکتەری وێنەگر خۆی بەدرەختەکەوە وێنا دەکات).**

**دەبێت تۆ درەختی مەرگ بیت؟!**

**(بێدەنگی و سەرسوڕمان).**

**پرسیارە شاردراوەکانی بون و نەبونت لەلابێت؟!**

**(درەختەکە هەڵمی سەوز بونی لێ بەرزدەبێتەوە).**

**کاراکتـــەری وێنـــەگر: ناســـنامەی بـــونم ســـوتاندووە بۆچـــی تـــۆ نادۆزمەوە؟!**

**(موزیکی تۆفان و گومان، کاراکتەری وێنەیی وێنا دەکاتەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: بەبێ پرسیارەکانی مەرگ، بون و نەبون نابنە قفڵێکی دولایی؟!**

**(موزیکی دۆزینەوە).**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت بگەڕێین؟!**

**(بێدەنگی، پشو).**

**کاراکتـــەری وێنـــەگر: دەبێـــت لـــەم زەریـــا لوشـــەوە بـــونێکی تـــر بدۆزینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت بچینە پشتی روداوەکانی بونەوە؟!**

**(سەرسوڕمان و گومان).**

**پیێ ناچێت هیچ ناونیشانێك بدۆزینەوە؟!**

**کاراکتــەری وێنــەگر: ئەگــەر درەخــتی مــەرگ نەدۆزینــەوە هــیچ هیوایەکمان بەدی نایەت؟!**

**کاراکتــەری وێنــەیی: چــۆن لــەم فەزایــەدا درەخــتی مــەرگ بدۆزرێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئای چی فەزایەکی شێواوە؟!**

**(بێدەنگی، روانینی قوڵ).**

**چۆن ئاماژەی مەرگ لەزەریای عیشقدا بدۆزمەوە؟!**

**(بێــدەنگی، مــوزیکی پرســیار، کاراکتــەری وێنــەیی لەڕوانینیــدا نزیکتر دەخاتەوە ).**

**ئایا نیشانەکانی بەمەرگ بونمان تیادا دەدۆزرێتەوە؟**

**کاراکتەری وێنەیی: چۆن لە سڕینەوەی ژیانەوە گومان بکەین؟!**

**(سەرنجی قوڵ).**

**کاراکتەری وێنەگر: سڕینەوە واتای بەمەرگ بون ناگەیەنێت؟!**

**(شەپۆلی وێنەیی، لەڕوانینی کاراکتەری وێنەگرەوە کاراکتەری وێنەیی فەزا دەگرێتەوە).**

**کاراکتەری وێنەیی: ئەی تۆ نیشانەکانی مەرگ نابینیتەوە؟**

**کاراکتەری وێنەگر: جگە لەمەرگ چی روانینێکی ترماوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت مەرگ روانینیش بسڕێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چۆن بتوانم دڵنیایی وەربگرم؟!**

**(هەناسەدان).**

**دەبێت مەرگ نورێکی خواوەندی بێت؟!**

(هەنگاو نان).

**یاخود تەزوی عیشقی ئەبەدی دروست دەکاتەوە؟!**

(وەستان، پشودان).

**لەو پرسیارانەوە دەست پێدەکەم بزانین ئەو تیشکەمان دروست کردووە؟!**

(موزیکی پرسیار، وروژان، بێدەنگی).

**کاراکتەری وێنەیی: تیشکی مەرگ؟!**

(سەرسامی و موزیکی مەرگ).

**دەبێت دروست بوبێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: جگە لەمەرگ چی شتێکی تر بونی هەیە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: جگە لەتامی مەرگ هیچ رەنگ و تام و بۆنێك بونیان نەماوە ؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: پێ ناچێت ئاماژەیەك لەهەست و نەستمدا مابێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت کەوتبێتینەتە ناو فەزای سڕینەوەوە؟!**

**(بێدەنگی، دودڵی).**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەی نابینیت بیستن و بینین و بیرو هۆشیشم قفڵ بووە؟!**

**(دودڵی و موزیکی گومان).**

**جگە لەمەرگ هیچ وێنەیەکی تر نابینمەوە؟!**

**(رۆچون و پرسیار).**

کاراکتــەری وێنــەیی: دەبێــت تەقینــەوەکان خســتبێتیانینەتە نــاو مەرگی تەکنەلۆژییەوە؟!

(مـوزیکی عیشـقە مـەرگ، کاراکتـەری وێنـەگر بەدرەختەکـەوە خـۆی وێنا دەکاتەوە).

کاراکتەری وێنەگر: وەرە.. وەرە ئەی مەرگ..

(گومان).

ناتەوێت بۆ ساتێك لەگەڵتدا بدوێم؟!

(کاراکتەری وێنەگر رو دەکاتە درەختەکە).

هـەتا دڵنیـایی ئـەوەم پـێ ببەخشـیت لەگـەڵ درەخـتی مـەرگ قسـە دەکەم؟!

(بێدەنگی و پرسیار).

دەمــەوێت دڵنییــایم پــێ ببەخشــیت بــزانم کــاتی ئــەوەم هــاتووە لەمەرگدا عیشق بکەم؟!

(هەناسەدان، موزیك، لەگەڵ کاراکتەری وێنەییدا وێنا دەبێتەوە).

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت نیشانەکانی بونمان سڕدرابێتەوە؟!

کاراکتــەری وێنــەیی: زینــدوبونم بیر نایەتــەوە، نــازانم مــردوم یــان زیندو؟!

(بێدەنگی و گومان).

کاراکتــەری وێنــەگر: کەواتــە چــۆن فەلســەفەی مــەرگ بەرجەســتە بکەین؟!

(بێدەنگی، موزیکی سەرسامی).

دەبێت لەژیاندا رەگەزو ناوونیشانیشمان سڕدرابێتەوە؟!

(موزیکی راڕایی، کاراکتەری وێنەیی وێنا دەکاتەوە).

**کاراکتەری وێنەیی: کاتێك سڕینەوە دەبێت بتوانین عیشقی مەرگ بکەین؟!**

**کااراکتەری وێنەگر: نیشانەکانی مەرگ سڕدراوەن، دەبێت لەئێستادا بیان نوسینەوە؟!**

**(بێدەنگی).**

**کاراکتەری وێنەیی: نیشانەکانی مەرگ بەمەرگ پێوانە ناکرێنەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئایا دەتوانین قسە لەگەڵ مەرگدا بکەین؟!**

**(تەقینەوەیەکی گەردونی، درەخت و کاراکتەری وێنەیی لەوێنابونی کاراکتەری وێنەگرەوە وەك پەیکەرێکی زیندو دێنە سەر فەزای شانۆ).**

**کاراکتەری وێنەیی: درەختی مەرگ.. سامناك و ئەفسوناویت دەبێت هەمو ئەفسانەکانی بونت لەخۆت گرتبێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەی درەختی مەرگ گەنجینەی بون و نەبون نییە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: کەواتە ئەفسانەی بون و نوری خواوەندەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ناونیشانێکی هەڵگرتووە لەهیچ زمانێکدا بونی هەبووە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت هەویری مەرگ لەتەکنەلۆژیای رۆح و عیشقەوە دروست ببێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت وێنەکانی مەرگ لەتەقینەوە گەردونییەکانەوە دەربکەون؟!**

(**بیرکردنەوە، سەرسامی، راڕایی، موزیك**).

**کاراکتەری وێنەیی: هەست دەکەیت تەقینەوەکان کۆتاییان پێ هاتبێت؟!**

(موزیکی کۆتایی بون).

کاراکتەری وێنەگر: تۆ دەتوانیت لە پرۆڤەی مەرگدا لاساییم بکەیتەوە؟!

(بێدەنگی موزیکی گومان).

وەرە با لەم پانۆرامایەدا پرۆڤەی مەرگ و ژیان بکەین؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئای چی ناونیشانێکە مەرگ؟!

(گومان و موزیکی مەرگ).

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەزمانێك لەزمانەکانی بوندا پێناسەی بۆ کرابێت؟!

(هەنگاو نان).

کاراکتەری وێنەیی: هیچ وشەیەك هەیە واتای مەرگ ببەخشێت؟!

**کاراکتەری وێنەگر: عیشق و مەرگ لەزمانی بوندا چی پێناسەیەکیان هەیە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: بێجگە لەسواوی هیچ واتایەکی راستەقینەیان هەبووە؟!**

**(بێدەنگی).**

**کاراکتەری وێنەگر: هیچ زمانێك نییە لەبوندا نیشانەی مەرگ و عیشقیان تێدا بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: کەواتە زمانێکی تایبەتیان هەبووە؟!**

**(تاریکی، بێدەنگی، موزیکی تواندنەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەمەوبەر من و تۆ سێکسمان کردبێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: گومان دەکەیت لەوەی تێکەڵاوبوبێتین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: تۆ شتێکت بیر دێتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان سیکسمان کردبێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: پێدەچێت ئەو نهێنیانەبن دۆزینەوەیان سڕدرابێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت نهێنی بون تەنها لە زمانی مەرگدا بەر جەستە بوبێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چۆن بتوانین زمانی مەرگ فێرببین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر : زمانی مەرگ کتێبێکی خواوەندییە چۆنی بدۆزینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: گومان دەکەم بدۆزرێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: گومان بکەین؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لەدرەختێکی تەکنەلۆژیدا بدۆزرێتەوە زمانەکانی بونی هەڵگرتبێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەی زمانی مەرگ دایکی زمانەکانی بون نییە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چۆن بتوانین دایکی مەرگ بدۆزینەوە؟!**

**کاراکتـەری وێنـەگر: دەبێـت لەدۆزینـەوەی دایکـی مەرگـەوە زمـانی عیشقی مەرگ دروست ببێت؟!**

**(بێدەنگی ، هەناسـەدان، بیرکردنـەوە، کاراکتـەری وێنـەگر روانـینی چڕ دەکاتەوەو کاراکتەری وێنەیی تۆختر دەکاتەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: هەست دەکەیت درەختێکی تەکنەلۆژی هاتبێتە نێوانمانەوە؟!**

**کاراکتــەری وێنــەیی: پێدەچــێت نێرڤانــا لــە ئەفســانەکاندا چــڕ بوبێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: واتای مەرگ بە ئێمە دەبەخشێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت نەیبەخشێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: هەست دەکەیت درەختی تەکنەلۆژی نێرڤانای بوزای هێنا بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: وەرە با چاوشارکێی مەرگ بکەین؟! بزانین کاممان مەرگین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت مەرگ واتای هەردوکمانی هەڵگرتبێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چۆن بتوانین نێرڤانا لە تەکنەلۆژیا دروست بکەین؟!**

(**تەقینەوەیەکی گەردونی، تاریکی، موزیکی مەرگ**).

# 2

( فـەزای ناشـێوەیی، کـات و شـوێن جۆکـەرە، کاراکتـەری وێنـەگر نزیـــك دەبێتـــەوە لـــە درەختەکـــە و کاراکتـــەری وێنـــەیی وەك کاراکتـــەرێکی ئەفســـانەیی لـــەوێنابونی کاراکتـــەری وێنـــەگردا دەردەکەوێت).

کاراکتەری وێنەگر: هەست بەگۆڕانکاریەکانی گەردون ناکەیت؟!

کارکتەری وێنەیی: لەم تەقینەوەیەدا فەزا شێواوە، هیچ دیاردەیـەك نابینرێتەوە؟!

( موزیکی مەرگەسات، کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، گەڵاکانی دەبن بەگڵۆپ).

**کاراکتەری وێنەگر: ئای لەم ڕاڕایی و گومانەم؟! چۆن بڕوا بکەم درەختێکی ئاسایی بیت، یاخود درەختی مەرگ بیت؟!**

**(بێدەنگی، هەناسەدان).**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت هەمیشە گومان بکەین، گومانێکی سەرسوڕهێنەر هەتا بزانین درەختی مەرگە یان درەختی تەکنەلۆژیایە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: کەواتە دەبێت ڕۆبۆتە درەخت بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت هەمومان ڕۆبۆت بین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەی نابینیت جوانی و بەهای بونمان لەدەست داوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: هیچ ئاماژەیەکی بون و مرۆڤ لەروخسارماندا دەبینرێتەوە؟!**

**(بێدەنگی، سەرسامی، دودڵی، موزیکی فەنابون و سڕینەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: چۆن بتوانم هەمو شوناسێك بسڕمەوە؟!**

**(موزیکی سڕینەوە).**

**جگە لەشوناسی مەرگ شوناسی ترم بۆ چییە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چۆن گومان لە مەرگ بونمان بکەین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لە درەختی مەرگەوە راستییەکانی مەرگ ببینینەوە؟!**

**(بێدەنگی).**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت بچینە ناو رۆحی مەرگەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت گەشت بۆ ئەو دیوی مەرگ بکەین؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: رەنگە لەئەفسانەکانی نیاندەرتاڵدا درەختی مەرگم خوێندبێتەوە؟!**

(بێدەنگی).

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئەفسانەکان کتێبی درەختی مەرگیان هەبێت؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئەی لەکتێبە ئاسمانییەکاندا نیشانەکانیت نەبینیوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: نازانم.. دەبێت نیشانەکانم بینیبێت؟!

کاراکتەری وێنەیی: لە ئاینەکاندا جگە لەفریشتەی گیان کێشان هیچ ئاماژەیەکی تر بونی هەیە؟!

کاراکتەری وێنەگر: ئەی لەئاینەکانی سەر زەویشدا فریشتەی گیان کێشان بونی نییە؟!

کاراکتەری وێنەیی: پێدەچێت فریشتەی مەرگ زۆر بن؟!

**(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا وێنا دەبێتەوە، گڵۆپەکانی دەبن بەچەند رەنگێك سورو سپی و شین و سەوز).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئەم درەختە تێزابی مەرگی ئاین و فەلسەفەکانی هەڵگرتبێت؟!**

**(تێڕامان، درەختەکە هەڵمی سەوزی لێ بەرز دەبێتەوە).**

**کاراکتەری وێنەیی: سەیری هەمو گەڵاکانی بکە، جگە لە پیتی(م ە ر گ). پیتێکی تریان لەسەر نابینرێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت درەختی بای نەفخ و مەرگی مرۆڤایەتی بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: سەرەتایەکی تۆقێنەری هەیە گومانێکی نەهێشتۆتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: بیر بکەرەوە بزانە لەکتێبی ئاینی و فەلسەفەو مێژو ئەفسانەکاندا باسی درەختی مەرگ نەکراوە؟!**

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لەکتێبی عیشقە مەرگدا نوسرا بێت مەرگ بەبێ عیشق بونی نەبێت؟!

کاراکتەری وێنەگر: عیشقی ئەبەدی جگە لەمەرگ چی ئاماژەیەکی تری تێدا دەبینرێتەوە؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لەمەرگەوە عیشقێکی خواوەندی دروست ببێت؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت عیشقم بیرچوبێتەوە، کەواتە بومەتە مەرگ؟!

کاراکتەری وێنەگر: وەکو پزیشکێك لێم بڕوانە بزانە زیندوم یان مردوم؟!

(بێدەنگی، سەرسامی).

کاراکتەری وێنەیی: نازانم کاتێك روانینم نەماوەو هیچ نیشانەیەك نابینمەوە؟!

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەروی زانستی و فەلسەفییەوە مەرگم گرتبێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: نازانم بەچی زمانێك وەڵامت بدەمەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: زمانی مەرگ.. مەرگ.. بۆچی نازانیت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: مەبەستت کام مەرگەیە؟!**

**(سەرسامی).**

**مەرگی میتافیزیقی؟!**

**(بێدەنگی و بیرکردنەوە).**

**یاخود ئەو مەرگەی بیٚ ناوونیشانەو رۆژی دوایی تێدایە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: نازانیت ئێمە هیوامان چییە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: هیوامان؟ دەبێت مەرگێگی نەمری بێت لەدوای بونەوە؟!**

**(بێدەنگی، سەرسامی، هەناسەدان، شەپۆلی پرسیار).**

**کاراکتەری وێنەگر: ئێمە لەنێوان مەرگ و پێکهاتەو شێوازەکانیدا پرسیار دەکەین؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چی راستییەك دەدۆزینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: تۆ کتێبی (ناسنامەی مەرگ).ی فەیلەسوف لۆپرۆفارت خوێندۆتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: بەڵێ، مەبەستت چییە لەو کتێبە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دێڕی هەشتەم لەلاپەڕە شانزەوە هەتا لاپەڕە سی چۆن باسی مەرگ دەکات؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چۆن بتوانم پێناسەی بکەم؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: تێگەیشتن لێی دەچێتە ئەو دیوی بونەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: لەو پرسیارانەی ناتوانرێت بەزمان وەڵام بدرێنەوە؟!**

(**بێدەنگی، هەناسەدان، شەپۆلی پرسیار، موزیك**).

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئەو مەرگی بە تواندنەوەی فۆتۆنی فیزیاییەوە بەستبێتەوە؟!**

(**سەرسوڕمان**).

**کاراکتەری وێنەیی: ئەی لەمەرگەوە بون پێناسە ناکاتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: وەك ئەوەی مەرگ ناسنامەی بون بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: ئەو کتێبە پرۆڤەی مەرگە یان نهێنییەکانی دەشارێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: پێدەچێت پێشانگایەکی تایبەتی بێت بەبون و مەرگ؟!**

**(بێدەنگی و پرسیار).**

**جگە لەتابلۆی عیشقی مەرگ هیچ بژاردەیەکی تری تیادا نابینرێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت تابلۆی بۆ ئێمە کێشا بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت تابلۆکانی مەرگ جیاوازبن؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: پێویستە پرسیار لەفەیلەسوفی مەرگ بکەین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: بۆ ئەوەی ئەزمونێکمان فێر بکات؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: فەیلەسوفی مەرگ، جگە لەو کەسی تر شیکردنەوەی بۆ عیشقە مەرگ نەکردووە؟!**

**(بێدەنگی و گومان).**

ئـەویش چـۆن شـرۆڤە دەکرێـت؟! کاتێـک دەبێـت دەیـەها  پرسـیار لەوانی دواتر بکەینەوە؟!

کاراکتـەری وێنـەگر: ئـەو تیۆرییـە تـەنها دەبێت لـە عیشـقە مەرگـدا بدۆزرێتەوە؟!

کاراکتەری وێنەیی: کەواتە دەبێت بچینە دوای نەبونەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: بەبیٚ کوشتنی عیشق مەحاڵە؟!

کاراکتەری وێنەیی: چۆن بتوانین چەمکی مەرگ بدۆزینەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: کەواتە چۆن عیشق بکوژین؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئەم پرۆژە راستییەمان کوشتنی عیشق نییە؟!

(بێدەنگی و سەرسوڕمان).

کەواتە چی بۆ فەلسەفەی مەرگ دەمێنێتەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: بەبێ سوتاندنی ناسنامەی بون ناتوانین بچینە فەزای مەرگەوە؟!

کاراکتەری وێنەیی: کەواتە ئەم درەختە چی واتایەکی هەیە؟!

کاراکتەری وێنەگر: ئەوە نییە گەڵاو قەدو رەگ و ریشاڵی فەلسەفەی مەرگی هەڵگرتووە؟!

کاراکتەری وێنەیی: وەك ئەوەی ئەو درەختە بێت بوزا نێرڤانای تیادا دۆزییەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: هەست ناکەم؟

(روانینی قوڵ).

نێرڤانا؟! نێرڤانا؟!

بۆچی هیندۆسییەکانیش زەمەنی نێرڤانایان زانیوە؟!

(بێدەنگی، هەناسەدان، سەرسامی).

کاراکتەری وێنەیی: نێرڤانا چی بە ئێمە دەبەخشێت؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت پرسیارەکە لێرەوە دەست پیٚ بکات؟!

کاراکتەری وێنەیی: نێرڤانا تواندنەوە نییە لە جوانیەکانی بوندا؟!

(موزیکی تواندنەوە).

چۆن لەمەرگدا بەرجەستەی دەکرێت؟!

کاراکتەری وێنەگر: کەواتە لێرەوە بۆ فەلسەفەی مەرگ دەچین؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت ئەم درەختە نێرڤانای فەلسەفەو زانست و ئەفسانەکان بێت؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت پشتە بون و مەرگمان نیشان بدات؟!

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لێرەوە گرێ کوێرەکانی بون و نەبون و مەرگ بکەینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چۆن پانتاییەکانی مەرگ و ژیان و بون و نەبون جیا دەکرێنەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: لات وایە بتوانین پشتە مەرگ ببینینەوە، ئەگەر نێرڤانای ئاینەکان بۆ پاکژی و پاك بونەوە بێت ؟!**

**(بێدەنگی و گومان).**

**دەبێت فەلسەفەی مەرگیش بۆ زانراوەکانی بون و پشتە بون بێت؟!**

**( بێدەنگی و هەناسەدان، موزیکی سەرسامی).**

**کاراکتەری وێنەگر: کەواتە نێرڤانای مەرگ پرسیارێکی بێ وەڵامە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت نێرڤانا مۆمێك بێت لەجوانیدا بتوێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەگەر نێرڤانای مەرگ نەبینین واتاکانی بون بونمان دەسڕدرێنەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: ئای نێرڤانای مەرگ لەکوێیت؟!**

**(دەنگدانەوە، سەرسامی، موزیکی بیابان).**

**نازانیت ئێمە بۆ بەهاکانی تۆ دەگەڕێین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئەمە ناوەرۆکی پرسیارەکانمان بێت؟! کەی وەڵامی دڵنیاییمان دەدەیتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: لەبەر ئەوەی نێرڤانا هیچ فەلسەفەیەکی مەرگی لەخۆی نەگرتووە؟!**

**(موزیکی مەرگ).**

**کەواتە چۆن بۆ پانتاییەکانی پشتە بون ئاماژەیەکی تێدابێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەی گەڕانی نێرڤانا بۆ تواندنەوە نییە لەجوانی خواوەندو مرۆڤدا؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: کەواتە تۆ عاشقی منیت یان خواوەندەکان؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چۆن دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە؟! دەبێت عاشقی کامتان بم؟**

**(سەرسامی).**

**کاراکتەری وێنەیی: کەواتە دەبێت فەیلەسوفەکانی پشتە بون زیندو بکەینەوە؟!**

**(موزیکی خواوەندی).**

**کاراکتەری وێنەگر: کوا عیشقی مەرگ؟!**

**( هەردو دەستی دەکاتەوە).**

**دەبێت فەلسەفەی مەرگ لەجوانییەکانی بوندا ببینینەوە؟!**

**کاراکتـەری وێنـەیی: کەواتـە دەبێـت لـە نێرڤانـاو ئاینـەکان بچـینە دەرەوە؟!**

**کاراکتـەری وێنـەگر: دەبێـت لـەم فەزایـە هـەمو فەلسـەفەو ئاینێـك بتوێتەوە؟!**

**(کاراکتـــەری وێنـــەگر لەگـــەڵ درەختەکـــەدا خـــۆی وێنـــا دەکـــات، گەڵاکانی دەگۆڕدرێت بەگڵۆپ، روناکی، تەقینەوەیەکی گەردونی).**

# 3

**(پشتە زەمەن و شوێن، فەزای ناشێوەیی، تاریکی و شەپۆلی گڕوگاڵ، کاراکتەری وێنەگر بەدرەختی مەرگەوە مۆمیا بووەو کاراکتەری وێنەیی وێنا کردۆتەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت بتوانین ناونانێك بۆ ئەم فەزایە بدۆزینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: ئەی تەقینەوەکانت نەبینی؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ؟!هەست دەکەیت نێرڤانا هاتبێتە ناو رۆحمانەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: جەستەت تەواو شێواوە وەك ئەوەی نێرڤانای مەرگ تواندبێتیەوە بەخۆیەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت توابێتمەوە؟!**

(سەرسوڕمان و گومان، تواندنەوە)؟!

کاراکتەری وێنەیی: کێ دەڵێت نەکراوین بە رۆبۆت؟!

کاراکتەری وێنەگر: واتە وەك رۆبۆت مەرگمان کردبێت؟!

کاراکتەری وێنەیی: مەرگی رۆبۆت بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆزە؟!

کاراکتەری وێنەگر: لەنێوان بەرۆبۆت بون و مەرگ و ژیاندا گێژبوم هیچ وەڵامێك نادۆزمەوە؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، دەبێت بەدرەختێکی کارەبایی).

کاراکتەری وێنەیی: بینیوتە گڵۆپەکانی درەختەکە سور بون؟!

(پشو، هەناسەدان، بێدەنگی، درەختەکە سەوز دەبێت و زمانی سیمۆتیکی دەردەخات).

زمانی سیمۆتیکی درەخت: سەیری درەختی مەرگی تەکنەلۆژی بکەن، چۆن مەرگی ئێوەو ئێرەبونی ئەوانی تری هەڵگرتووە؟!

(بێدەنگی).

دەزانن درەختی مەرگ چییە؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات قەدو پەل و پۆو گەڵاو گۆپکەی دەبێتەوە بەروناکی گڵۆپ).

کاراکتەری وێنەگر: درەختی مەرگی تەکنەلۆژی چی دڵنیاییەکمان پێ دەبەخشیت؟!

کاراکتەری وێنەیی: کەوتوینەتە ناو تۆڕی پرسیارە گەردونییەکانەوەو پێ ناچێت وەڵامێك بدۆزینەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: درەختی تەکنەلۆژی فەلسەفەی مەرگ چۆن دەتوانێت عیشقی مەرگ هەڵبگرێت؟!

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت ئەمەیش یەکێك بێت لە نهێنییەکانی فەلسەفەی مەرگ؟!**

**(درەختەکە سەوز دەبێت و زمانی سیمۆتیکی دەردەخات).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: درەختی مەرگ تەکنەلۆژیای هەڵگرتووە هەتا بونتان بە مەرگ بسڕێتەوە ؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: کەواتە تێزابێکە عیشقی مەرگ دروست دەکاتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: پێناسەی درەختی مەرگ چۆن بکەین؟!**

**( موزیکی سڕینەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەم چەمکە ترسناکەوە بۆ نێرڤانای تەکنەلۆژی بڕۆینەوە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت چی لێکدانەوەیەك کۆتایی بەمەرگ بدات؟!**

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لە نێرڤانای مەرگدا توابێتینەتەوەو بو بێتینەتە رۆبۆت؟!

(پشو، سەرسامی، گومان).

کاراکتەری وێنەگر: بەڕۆبۆت بون، چەمکی کۆتایی فەلسەفەو سڕینەوەی بونە، دەبێت تەکنەلۆژیای درەختەکە رەگەزی گۆڕیبێتین؟!

(سەرسامی، روانین).

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت بەئەفسانەی تەکنەلۆژیا بوبێتینەتە رۆبۆت؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت نێرڤانایەکی دۆژەیی بێت؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: پێدەچێت درەختی مەرگ بەتەکنەلۆژیای بون و نەبونەوە بەهای فەلسەفەی مەرگی هەڵگرتبێت؟!

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت شیکردنەوەو بەهایەکی بۆ بون نەهێشتبێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەم نێرڤانایە بون و نەبونی خستۆتە ژێر پرسیارەوە؟!**

**(هەناسەدان، سەرنج).**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت نێرڤانا لەتەقینەوەی ئەتۆمی و گەردونییەوە دروست ببێت؟!**

**(تەقینەوە، بێدەنگی ، تاریکی دەکشێت).**

# 4

**(موزیکی سیمۆتیکی، درەختەکە سەوز دەبێت و زمانی سیمۆتیکی دەردەخـات، مـوزیکی جیابونەوە،کاراکتـەری وێنـەگر لەگـەڵ کاراکتەری وێنەییدا خۆی وێنا دەکاتەوە).**

**کاراکتـەری وێنـەگر: ئێسـتا هەسـت دەکـەیت هـەمو قۆناغێکمـان بـۆ مەرگ بڕیوە؟!**

**(موزیکی تەقینەوە).**

**هەست بەئاماژەیەك ناکرێت واتای بون و ژیانی پێوە مابێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەزانیت تێکەڵاوبون دروست بووە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: هەست بەمەرگێکی شاراوە ناکەیت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت هەوڵبدەین زمانی مەرگ بدۆزینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت زمانی مەرگ ببێتە کلیلی راستییەکان؟!**

**(تێڕامان و بیرکردنەوە).**

**کاراکتـــەری وێنـــەیی: ئەگـــەر زمـــانی مـــەرگ فێـــر نـــەبین دەبێـــت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت زمانەکانی مەرگ زۆر بن؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: مەرگ لە زمانێك زیاتری هەیە ؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت زمانی مەرگ زمانێکی گەردونی بێت؟!**

**کاراکتـــەری وێنـــەیی: زمانێـــك گومـــان بـــە ئێـــرە بـــون و بونمـــان ببەخشێت؟!**

**کاراکتەری وێنـەگر: وشـەی فەلسـەفەی بەمـەرگ بون لـە زمانـەکانی بوندا نییە؟!**

کاراکتەری وێنەیی: هەرگیز وشەیەك نابینینەوە دڵنیایی تێدا بێت؟!

(موزیکی زمانی مەرگ).

کاراکتەری وێنەگر: ئەگەر عیشق و مەرگ لەزمانی بوندا ببونایە ئێمە بەدوای مەرگدا نەدەگەڕاین؟!

کاراکتەری وێنەیی: چۆن وشەکانی بون بسڕینەوە؟!

(درەختەکە گڵۆپەکانی سور دەبن و دەبنەوە بەچوار ڕەنگ و سور دەبنەوە، کاراکتەری وێنەگر بەگومانەوە لێی دەڕوانێت).

کاراکتەری وێنەگر: بڕوانە درەختی مەرگ یاری بە ڕەنگەکان دەکات؟!

کاراکتەری وێنەیی: چۆن بە زمانی مەرگ قسە بکەین؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەمەرگی ڕاستەقینەدا بتوێینەوە؟!

**کاراکتەری وێنەیی: هەتا زمانی مەرگ لە گڕوگاڵەوە فێر ببین؟!**

**(تـــاریکی، درەختەکـــە ســـەوز دەبێـــت و زمـــانی ســـیمۆتیکی دەردەخات).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئێوە زمانی مەرگ فێرنەبون؟!**

**(بێدەنگی، سەرسامی، مۆزیکی سڕینەوە).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: ناتانەوێت فێری زمانی مەرگ بن؟!**

**(موزیکی زمان).**

**ئەی نازانن مەرگ زمانی دایکە؟!**

**(کاراکتـەری وێنـەگر دەسـت بـەلقی درەختەکـەوە دەگرێـت، گڵـۆپی گەڵاکان سور دەبن، دەکوژێنەوە).**

**کاراکتەری وێنەیی: ئەمە واتای هاتنی مەرگ ناگەیەنێت؟!**

**(قیژەیەك).**

**مەرگ؟! مەرگ؟!(.....).؟!**

**(موزیکی مەرگ، زمانی سیمۆتیکی درەخت فەزا دەگرێتەوە).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئێستا دڵنیابون لەم نێرڤانا گەردونییەدا مەرگتان گرتووە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: مەرگ.. مەرگ.. ئەو چەمکە فەلسەفییە نییە دەمویست پێی بگەم؟!**

**(بێدەنگی).**

**دەبێت ئێستا بەمەرگ گەیشتبێتم؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: هەست ناکەن لەهەمو دیاردەیەکی بون سڕدراونەتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت مەرگ شتێکی هەست پێنەکراو بێت؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: مەرگ نهێنییەکی گەردونییە، چۆن گرێ کوێرەیەکی دەکرێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: نازانم چۆن وەڵامێك بدۆزمەوە؟!**

**(موزیکی ون بون).**

**نازانیت مەعشوقەکەمم ون کردووە؟!**

**(راڕایی، گومان، موزیکی سەرسامی).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت گومان بکەن لەبون و نەبون؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەگەر ببومایە بەمەرگ عیشقم لەدەست نەدەدا؟!**

**(موزیکی پرسیار).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئەی بۆچی مەرگت هەڵبژارد؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چۆن عیشقێکی گەردونی بەدەست بهێنم؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئەی مەرگ سەرفرازی نییە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت مەعشوقەکەم بدۆزمەوە؟!**

**(موزیکی گەڕان).**

**ئێرە بیابان و سارایە، یان شاخ و کێوو بەردەڵانییە؟!**

**(موزیکی پرسیارو سەرسوڕمان).**

**دۆزەخە یان تێزابی مەرگەسات؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەتوانیت مەعشوقەکەت بدۆزیتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەی من بەدوای چیدا دەگەڕێم؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەتەوێت تەنها لەمەرگێکی ئەبەدیدا بمێنیتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت مەرگ شوناسی عیشقمان پیٚ نەدات؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: بەپێچەوانەوە هیچ واتایەکی تری نییە؟!**

(**موزیکی پرسیار**).

**کاراکتەری وێنەگر: کەواتە واتاکانی خێرو شەڕ چی دەبەخشن؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: تۆ دەزانیت ئاینەکان هەمویان کار لەسەر سزاو پاداشت دەکەن؟!**

(**بیرکردنەوە**).

**کاراکتەری وێنەگر: کەواتە مەرگ عیشق ناسڕێتەوە؟!**

زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئەی کردارەکانی تاوان و چاکەیش لەمەرگدا نابنە پاداشت و سزا؟!

کاراکتەری وێنەگر: زمانم لاڵ بووە چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: هەوڵ نادەیت زمان بگریتەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت عیشقم بۆ بگەڕێتەوە؟!

(موزیکی سەرسامی و پرسیار).

زمانی سیمۆتیکی درەخت: چۆن عیشق ناگەڕێتەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: ناگەڕێتەوە، چۆنی بگێڕمەوە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: چۆن لەبەر تەزوی درەختی مەرگدا زمانی عیشقە مەرگ ناگریتەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: ئێستا مەرگم گرتووە یان لە ژیاندام؟!

**زمـانی سـیمۆتیکی درەخـت: ئـەوە نهێنییـەکانی مەرگـە چـۆنیان بدۆزینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: هیچ ئاماژەیەکی مەرگ و ژیان نابینمەوە؟!**

**(سەرسامی، شڵەژان).**

**تۆ بڵێیت سرڕدرابێتنەوە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: کەواتە لە نێوان مەرگ و ژیاندان؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چۆن بتوانم رایەڵەکانی عیشق بدۆزمەوە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: هەست ناکەیت لەمـەرگ بونـدا تـەنیایی باشترە لەعاشق بون؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: مەرگم بۆ چییە عیشقی گەردونی تێدا نەکەم؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەزانیت گەڕانەوەیش بۆ ژیان مەحاڵە؟!**

**(کاراکتەری وێنەگر کاراکتەری وێنەیی وێنا دەکاتەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت بیرچونەوە گەردونی گرتبێتەوە؟!**

**(بیرکردنەوەو وەڕسی).**

**کاراکتەری وێنەیی: هەست دەکەیت تەقینەوەکانی گەردون کۆتاییان پیٚ هاتبێت؟!**

**(موزیکی داخستن و سڕینەوە).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: لەم فەزایەدا هیچ دەروازەیەك بونی نییە؟!**

**(تەقینەوەیەك، تاریکی و بێدەنگی).**

# 5

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، گڵۆپەکانی سور دەبن، دەبنەوە بەچوار رەنگ، گڵۆپی سپی بانگەشە بڵاو دەکاتەوە).

گڵۆپی سپی درەخت: رێبوارانی گەشتی مەرگ ئامازەکان ناخوێننەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: ئامازەی مەرگ چی رێنوسێکە؟!

گڵۆپی سپی درەخت: لەرەمزو نیشانەکان تێ ناگەن؟!

کاراکتەری وێنەگر: مەرگ واتای گواستنەوەیە لەبونەوە بۆ نەبون؟!

(موزیکی کۆچ).

**زمـانی سـیمۆتیکی درەخـت: مـەرگ وشـەیەکە هـیچ فەرهـەنگێك ناتوانێت پیێ ناسەی بکات؟!**

**کاراکتـەری وێنـەگر: هـەمو کتێبـە فەلسـەفییەکان وشـەیەکیان بـۆ مەرگ تێدا نییە؟!**

**(کاراکتەری وێنەگر بەدرەختی مەرگەوە خۆی وێنا دەکات).**

**کاراکتەری وێنەگر: توشی تۆڕی سەدەها پرسیاری ئاڵۆز بوم، ئایا درەختی مەرگیت، یان رۆبۆت؟! یان درەختی ئەفسانەییت؟!**

**(موزیکی سەرسوڕمان).**

**کارکتەری وێنەگر: دەبێت مەرگ عیشق بسڕێتەوە؟!**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: دەبێت ببیتە مەرگ؟!**

**کاراکتـەری وێنـەگر: دەبێـت بیرکردنـەوە لەمـەرگ لـەدوای مەرگـەوە نیشانەی دەربکەوێت ؟!**

(مـوزیکی سەرسـامی و گومـان و تێڕامـان، زمـانی سـیمۆتیکی درەخت).

زمانی سیمۆتیکی درەخت: عیشق ..عیشق..؟!

کاراکتـەری وێنـەگر: ئـەی فەلسـەفەی مـەرگ لەعیشـقەوە دروسـت نابێت؟!

زمـانی سـیمۆتیکی درەخـت: نـامۆیی عاشقەکانیشـش بەرجەسـتە ناکاتەوە؟!

کاراکتـەری وێنـەگر: دەبێـت درەخـتی مـەرگ درەخـتی تەکنـەلۆژی دوای مەرگ بێت؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکـەدا خـۆی وێنـا دەکـات، گڵـۆپی ئامـاژەیی نیشان دەداتەوە).

گڵـۆپی ئامـاژەیی درەخـت: چـۆن زمـانی نیشـتەجێ بـون فێـر دەبـن هەتا ئامـاژەی درەختی مەرگ نەخوێننەوە؟!

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت بچینە پشتە بونەوە هەتا ئاماژەکانی درەختی مەرگ فێر ببین؟!**

**گلۆپی ئامـاژەیی درەخـت: دەتـوانن لـە نهـێنی سـڕدراوەکانی تـێ بگەن؟!**

**کاراکتـەری وێنـەگر: ئـەو وشـانەی کۆتـایی و نیشـانەی دوا پـەناگا دەبەخشن بۆ بون؟!**

**گلۆپی ئامـاژەیی درەخـت: چـۆن پرسـیارەکانی فەلسـەفەی مـەرگ دەخوێننەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چۆنیان بخوێنینەوە؟!**

**گلۆپی ئامـاژەیی درەخـت: وشـەی گـەڵای وەریـوی فـەزای مـەرگت خوێندۆتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ڕۆمانێکی پڕ لەنهێنی و پرسیاری مەرگەساتن چۆنیان بخوێنمەوە؟!**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: چیرۆکی ئەوانەیە لەپرسیاری مەرگەوە لەگەردەلولی ژیانەوە سیبریای مەرگیان بڕیوەو پرسیاری بون و نەبون و من کێم و ئەوو ئەوانی دواتر دەکەنەوە؟!**

**(موزیکی کۆچ).**

**کاراکتەری وێنەگر: کەواتە ئێمە گەردەلولی مەرگ رفاندوینی؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت بریسکەی ناڵی ئەسپی رەوی بیابانم بیر بێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: یاخود لەم فەزا مەرگاویەدا عیشقێك بە دەست دەهێنین نەمرمان بکات؟!**

**(تەقینەوە ، تاریکی فەزا دەگرێتەوە).**

# 6

(تاریکی، درەختەکە هەڵمی سەوزبون بەرز دەکاتەوە، کاراکتەری وێنەگر کاراکتەری وێنەیی وێنا دەکاتەوە).

کاراکتەری وێنەگر: پێ ناچێت مەعشوقەکەم مابێت؟!

(موزیکی گریان).

کاراکتەری وێنەییم لە رۆحی خۆمەوە فۆتۆ کردۆتەوە، دەبێت بونی هەبێت؟!

کاراکتەری وێنەیی: بیر بکەرەوە هیچ رۆحێکی ترت نییە جگە لەمن؟!

**کاراکتەری وێنەگر: چۆن لە فەزای مەرگدا نەمری عیشق بدۆزمەوە؟!**

**( موزیکی خواوەندی، پرسیار، گڕوگاڵی سیمۆتیکی).**

**کاراکتەری وێنەگر: مەعشوقەکەم تۆ چیت لێهاتووە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: ئەی هەمیشە لەگەڵتدا نەبوم؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: گومان دەکەم لەگەڵمدا بوبیت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: گومان واتای راستی ناگەیەنێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: وەرە نیشتمانێك بدۆزینەوە هەتا جارێکی تر جیانەبینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت رەگی عیشق بدۆزینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: رەگی عیشق لەدرەختی نەمریدا نەبێت نادۆزرێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لەمەرگەوە گەڵای عیشق بگرین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: مەرگ.. مەرگ.. دەبێت جیهانێك بێت لەرەمزو ئاماژەو هێما نیشانەی بێ شوێنەوار ؟!**

**(کاراکتەری وێنەگر بەدرەختی مەرگەوە وێنا دەبێت، گڵۆپی ئاماژەیی هەڵدەبێت).**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: دەتوانن رۆمانە سڕدراوەکانی گەڵای درەختی مەرگ بنوسنەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چیرۆکی ئەو رۆمانانەی دەچنە ناو روداوەکانی سەدەی بیست و پێنجەوە چۆن لە ئێستادا دەنوسرێنەوە؟!**

**(بێدەنگی و سەرسوڕمان).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: چی ناونیشانێکی ترسناکە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەم فەزایە نورو تاریکایی کام خواوەندەیە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت چاوگی مەرگی عیشق بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: عیشقی مەرگ ناسنامەی بزر کردووە؟!**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: مەرگ چی ناسنامەیەکی هەیە؟!**

**(کاراکتەری وێنەگر خۆی بە درەختی مەرگ و کاراکتەری وێنەییەوە وێنا دەکاتەوە، زمانی سیمۆتیکی دەردەچێت).**

**کاراکتەری وێنەگر: گەڵای مەرگ بۆچی فەزایەك راڕفیون؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چی خەزانێکە هەڵی کردووە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: ناسنامەی بون و نەبون و ئێرەیی لەکوێوە دیاری دەکرێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئێرەبونی ئەوانی دواتر دەبینینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: لێرەبون و لەوێ بون ناونیشانیان نییە؟!**

کاراکتەری وێنەگر: بزانە کاتژمێرت پێ نییە؟!

کاراکتەری وێنەیی: درەختی مەرگ تێزابی زەمەن و کات و مێژووە؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کتێبی ئەفسانەکانی بون؟!

کاراکتەری وێنەیی: کتێبەکانیش بە تەوژمی درەختی مەرگەوە سڕدراونەتەوە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: چۆن دەتوانن لەکتێبی ئەفسانەکاندا کات و شوێن بدۆزنەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: زەمەن چی ناونیشانێکە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت مەرگ ناونیشان و زەمەن هەڵنەگرێت؟!

**کاراکتەری وێنەگر: تۆ هیچ دەزانیت دەربارەی گەردون و ئەستێرە ناسی؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: لەوانەیە سەدەی چل و پێنجمان بڕی بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چۆن پێشبینی ئەو بەروارەت کرد؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: من هەست دەکەم لەکەشتییەکەی نوحدا بین؟!**

**(بێدەنگی، شەپۆلێکی گوێزانی تیژ، موزیکی زەمەن بڕان، کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، گڵۆپەکانی چوار ڕەنگ دەگرێتەوە).**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: زەمەن و ناونیشان لە درەختی مەرگدا بونیان هەبووە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: بێجگە لەگەڵای وەریوی دەم با چی تری تێدایە؟!**

زمانی سیمۆتیکی درەخت: گەڵای وەریو چی ئاماژەو ناسنامەو کۆتاییەك هەڵدەگرێت؟!

(موزیکی سفر بونی زەمەن و سڕینەوەی جێگە).

گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: دەبێت ئەو گەڵایانەبن وشە سڕدراوەکانی بونیان نوسیوەتەوە،

(وەستان، موزیکی پشو).

زمانی سیمۆتیکی درەخت: کەواتە درەختی مەرگ کاتژمێری سفری بونە؟!

کاراکتەری وێنەگر: مانای دەبێت خۆمان بەمەرگ ببەخشین؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئەرکەکانی فەلسەفەی بەمەرگ بون چییەو چۆنە؟!

**کاراکتـــەری وێنـــەگر: فەیلەســـوفەکانی کـــات و زەمـــەن و مێـــژو پێشـبینی زەمـەنێکی وایـان نـەکردووە ئێمـە چۆن بتـوانین هێڵێـك بکێشین؟!**

**زمـانی سـیمۆتیکی درەخـت: جگـە لەمـەرگ چـی ڕێگایـەکی تـری هەیە؟!**

**(کاراکتــەری وێنــەگر لەگــەڵ درەختەکــەدا خــۆی وێنــا دەکــات، و ئاماژەکان نیشان دەداتەوە).**

**گڵــۆپی ئامــاژەیی درەخــت: جگــە لەتواندنــەوە لەمەرگــدا هــیچ چارەسەرێکی تر نییە؟!**

**(کاراکتــەری وێنــەگر لەگــەڵ درەختەکــەدا خــۆی وێنــا دەکــات، لــە تەوژمی گڵۆپەکان سور دەبن، تاریکی فەزا دەگرێتەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەپێناوی مەرگدا بتۆیینەوە؟!**

**کاراکتـەری وێنـەیی: کەواتـە تواندنـەوە مـەرجی سـەرەکی بەمـەرگ بونە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت : جگە لەتواندنەوە ڕێگای ڕزگابونتان نییە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئای لەم مەرگەساتە؟!**

**(تاریکی، موزیکی مەرگ).**

# 7

(کات و شوێن جۆکەرە، کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکاتەوە، فەزا روناکی چوار رەنگی گڵۆپەکانی درەختەکەی لەسەرە).

کاراکتەری وێنەگر: درەختی مەرگ چۆن دڵنیاییم پێدەبەخشیت؟!

(موزیکی گومان).

چۆن بتوانم ئاسودەیی ببینم، لەکاتێدا دڵنیاییم لەمەرگدا نەبینیوە؟!

(موزیکی پرسیارو راڕایی).

فەلسەفەی مەرگ چی دڵنیاییەکم پێدەبەخشێت هەتا وێنەی عیشقەکەم بگرمەوە؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، رەنگی گڵۆپەکانی رۆشن دەبنەوەو کاراکتەری وێنەییش وێنا دەکاتەوە).

کاراکتەری وێنەگر: تۆ لەکوێیت کلیلی بەمەرگ بونم بدەیتێ؟!

کاراکتەری وێنەیی: هەست دەکەیت دور کەوتبێتمەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: پێدەچێت چەند سەدەیەکی خایاندبێت؟!

(موزیکی زەمەن بڕان).

کاراکتەری وێنەیی: هەست ناکەم نیو چرکە دور بوبێتم لێتەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: دودڵم لەهەمو شتێك، بەگومانم لەبونم لەمەرگم لەژیان، نازانم زیندوم یان مردو؟!

کاراکتەری وێنەیی: منیش توشی هەمان راڕایی و گومان هاتوم چۆن رزگارمان دەبێت؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، گڵۆپی بانگەشەیی هەڵدەکات).

گڵۆپی بانگەشەیی درەخت: ئێوە گومانتان لەبەمەرگ بونتان هەیە؟!

(موزیکی گومان).

گڵۆپی بانگەشەیی درەخت: ئێوە دانیشتوانی درەختی مەرگ نین؟!

(کاراکتەری وێنەگر بەدرەختی مەرگەوە وێنا دەبێت، زمانی سیمۆتیکی درەختەکە دەردەخات).

زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئەی گوێت لە هەزارەها دەنگی نادیار نییە؟!

( بێدەنگی و گوێ قوڵاخی).

کاراکتەری وێنەگر: ئەوانەی بەناسنامەی مەرگەوە پرسیار دەکەن؟!

(موزیکی پرسیار).

زمانی سیمۆتیکی درەخت: هەتا لێرەو لێرەبونی ئێوەو ئەوانی دواتر بدۆزنەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: مەرگ.. مەرگ.. چەندە سەرفرازییە.. مەرگ؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: جگە لەمەرگ خۆشبەختی لەچی تردا هەیە؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئای کەی بێت لەگڕوگاڵی مەرگدا زمانێکی نویٚ بدۆزینەوە؟!

(بێدەنگی ، موزیك، سەرسامی، شەپۆل).

کاراکتەری وێنەگر: ئێستا هەست دەکەیت بەروانینی مەرگەوە قسە لەگەڵ یەکتریدا دەکەین؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئەی ئەمە زمانی مەرگ نییە؟!

کاراکتەری وێنەگر: ئەی زمانی مەرگ لەعیشقی ئەبەدییەوە دروست نابێت؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئەوە پەساپۆرتێکە ون بوەو نادۆزرێتەوە؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، گڵۆپەکان دەکوژێنەوە دەبێتەوە بە درەختێکی سروشتی، گەڵاکانی سەوز دەبنەوەو لەقەدییەوە توێکڵی وشە لەسەر هەڵکەندراو فڕێ دەدات).

توێکڵی یەکەمی درەخت: چۆن زمانی مەرگ دەدۆزنەوە؟!

توێکڵی دووەمی درەخت: بیربکەنەوە؟!

توێکڵی سێیەمی درەخت: گڕوگاڵی عیشقی مەرگ چییە؟!

توێکڵی چوارەمی درەخت: زمانی مەرگ چی ناونیشانێکی هەیە؟!

تـوێکڵی پێنجـەمی درەخـت: زمـانی مـەرگ لەمەرگـدا یـان لـەدوای مەرگەوە دەئافرێت؟!

تــوێکڵی شەشــەمی درەخــت: چــۆن ئــەکادیمیای زمــانی مــەرگ دەدۆزنەوە؟!

توێکڵی حەوتـەمی درەخـت: دەبێـت زمـانی مـەرگ زمـانی عاشقانی هەتایی بێت؟!

تـوێکڵی هەشـتەمی درەخـت : چـۆن گرێــی نهـێنی زمـانی مـەرگ دەکەنەوە؟!

( تــاریکی، کاراکتــەری وێنــەگر لەگــەڵ درەختەکــەدا خــۆی وێنــا دەکات، گڵۆپەکان هەڵدەکرێنەوەو سور دەبنەوەو دەکوژێنەوە).

کاراکتەری وێنەگر: چۆن فێری پیتەکانی زمانی مەرگ دەبین؟!

(لەگــەڵ درەختەکــەدا خــۆی وێنــا دەکــات، گڵــۆپی ئامــاژەیی هەڵدەبێت).

گڵۆپی یەکەمی درەخت: چی زمانێك هەیە بۆ مەرگ جگە لەگڕوگاڵ؟!

گڵۆپی دووەمی درەخت: هیچ شوناسێك هەیە بۆ مەرگ جگە لەمەرگ خۆی؟!

گڵۆپی سێیەمی درەخت: چی شوناسێکتان هەیە هەتا بتوانن ئەکادیمیای زمانی مەرگ بدۆزنەوە؟!

گڵۆپی چوارەمی درەخت: گریَ کوێرەی زەمەنەکان لەچی تونێلێکی بوندا شاردراونەتەوە؟!

گڵۆپی پێنجەمی درەخت: دەزانن چۆن دەتوانن فێری زمانی مەرگ ببن؟!

(بێدەنگی، موزیکی مەرگ).

(کاراکتەری وێنەگر کاراکتەری وێنەیی وێنا دەکاتەوە ).

کاراکتەری وێنەگر: گریَ کوێرەی بون؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئەوە پرسیارە سەرەکییەکەیە بەکەس نادۆزرێنەوە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت نهێنییەکی شاراوە بێت؟!

(بێدەنگی، موزیکی شاراوە).

مەحاڵە لەو گرێ کوێرانەوە پرسیارەکانی زمانی مەرگ بدۆزرێتەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: ئەگەر هەتا ئێستا لەبونێکی نائاساییدا نەبوینایە زەمەنی مەرگمان دەدۆزییەوە؟!

کاراکتەری وێنەیی: زەمەنی مەرگ و زمانی دایکی مەرگ و شوناسی نەمری لەنەبوندا نەبێت نادۆزرێتەوە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت گەردەلولی مەرگ ببڕن، بۆ ئەوەی بچنە ناو نیشتمانی زمانی مەرگەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: چۆن ئەو نیشتمانە بدۆزمەوە؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، گڵۆپی ئاماژەیی هەڵدەبێت).

گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: دەبێت لەعیشقی مەرگەوە زمانی مەرگ دروست ببێت؟!

(کاراکتەری وێنەگر روانینی دەخاتەوە سەر کاراکتەری وێنەیی).

کاراکتەری وێنەگر: وەرە مەعشوقەکەی خۆم، دەبێت بون بەزمانی من و تۆوە قفڵ بوبێت؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت بەم تێکەڵ بونەمان بکرێتەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: ئەگەر ببین بە جەستەو رۆحێك رەنگە بکرێتەوە؟!

(کاراکتەری وێنەیی بەخۆیەوە وێنا دەکاتەوەو دەیگرێت دەم دەخاتە ناو دەمییەوە).

دەبێت عیشق نیشتمانی کۆتایی پرسیارو گومان بێت؟!

(موزیکی سێکس، درەخت سەوز دەبێت و زمانی سیمۆتیکی دەردەکاتەوە).

زمانی سیمۆتیکی درەخت: زمانی عیشقە مەرگ لەوێنەی وێناکراوی عیشقەوە نەبێت دروست نابێت؟!

گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: کەواتە سۆزو خۆشەویستی چییە و چی واتایەکیان هەیە؟!

کاراکتەری وێنەیی: زمانی مەرگ پێکهاتەی بون و پێشهاتەکانی مەرگ نییە؟!

(کاراکتەری وێنەگر کاراکتەری وێنەیی لەوێنابوندا پاڵ دەخات).
با لەعیشقی یەکتریدا بتوێینەوە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: رەنگە لەم ساتەوەختی عیشقەدا گەردون نهێنییەکانی زمانی مەرگ دەربخات ؟

گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: ئێستا ساتەوەختی عیشقە بۆچی عیشق ناکەن؟!

کاراکتەری وێنەگر: عیشق بکەین؟

کاراکتەری وێنەیی: عیشق؟!

زمـــانی ســـیمۆتیکی درەخـــت: کڵافـــەی گـــەردونی بەعیشـــقێکی هەتاییەوە نەبێت ناکرێتەوە؟!

کاراکتـەری وێنـەگر: کەواتـە چـۆن بتـوانین رایـەڵی عیشـقی رابـردو بگرینەوە؟

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت دڵنیا ببین لەوەی مەرگمان گرتـووە یـان هەر زیندوین؟

زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت دڵنیا بن لەتواندنەوەتان؟!

گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: ئەی ئێوە هەست ناکەن گەڵای درەختی مەرگن؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: گەڵای درەختی مەرگ شەپۆلی ئەتۆمییەو ناتوانن لێی جیاببنەوە؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەتوانین پایزان جیاببینەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت جیاببینەوە؟!

گڵۆپی ئامارژەیی درەخت: چۆن گەڵای درەختی مەرگ زەرد دەبێت؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: هیچ وەرزێك بۆ فەزای مەرگ نییە؟!

گڵۆپی ئامارژەیی درەخت: زەرد بون چی واتایەکی هەیە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: چۆن گرێی نهێنی درەختی مەرگ دەکرێتەوە؟

**کاراکتەری وێنەیی: ئەی نهێنی بونیان پێك نەهێناوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: کەواتە من و مەعشوقەکەم عیشق دەکەین؟!**

**(موزیکی عیشق).**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لەعیشقدا زمانی مەرگ بدۆزینەوە؟!**

**(سەرسامی و گومان، موزیکی عیشقە مەرگ).**

**کاراکتەری وێنەگر: شوناسی بەمەرگ بون کارێکی ئەفسانەییە؟!**

**(هەناسەدان، موزیکی خۆدۆزینەوە).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: چۆن شوناسی عیشقە مەرگ بەدەست دەهێنن؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لە گڕوگاڵەوە دەست پێ بکەین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: گڕوگاڵ؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: بۆ ئەوەی وشەو وێنەکانی مەرگ فێر ببین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەگەر دایکی مەرگ نەدۆزینەوە چۆن وشەی مەرگ فێر دەبین؟!**

**کارکتەری وێنەیی: دەبێت لەدرەختی مەرگدا خۆی شاردبێتەوە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دایکی مەرگ گەردونێکی تواوەیە ناتوانن لەخۆتاندا وێنای بکەنەوە؟!**

**(تاریکی، موزیکی تەقینەوە).**

# 8

**(تــاریکی، هــەمان فــەزای جۆکــەر، کاراکتــەری وێنــەگر لەگــەڵ درەختەکەو کاراکتەری وێنەییدا خۆی وێنا دەکات، گڵۆپێکی زەرد هەڵدەبێت).**

**کاراکتەری وێنە گر: دەبێت دایکی مەرگ تۆڕی پرسیارەکان بێت؟!**

**گڵۆپی زەردی درەخت: شیری دایکی مەرگ ناخۆنەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: ئەوە دایکی مەرگە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت دایکی مەرگ بێت؟!**

( درەختەکە سەوز دەبێتەوەو زمانی سیمۆتیکی دەکرێتەوەو گڵۆپی زەرد هەڵدەبێتەوە).

زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئێوە دایکی مەرگ بە بۆن ناناسنەوە؟!

(موزیکی گڕوگاڵی مەرگ).

گڵۆپی زەردی درەخت: کوان رۆڵەکانی مەرگ؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت رۆڵەکانی مەرگ سوپایەك بن لەوانەی بیٚ دایك و باوکن؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئەی ئێمەی نەوەی دۆزراوەین و لەتەکنەلۆژیای ئەم درەختەوە بە رۆبۆتییەوە بە رۆڵەی مەرگ ناژمێردرێین؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، دو تیشکی سپی لەسەر گڵۆپی زەرد دادەگیرسێت).

گڵۆپی زەردی درەخت: زمانی مەرگ لەشیری دایکی مەرگەوە فێر دەبن ؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت شیری مەرگ فۆتۆی پیتەکانی زمان بێت؟

کاراکتەری وێنەگر: دایکی مەرگ رەمزی وێنەی نیشتەجێ بونە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت نهێنییەکانی بون ئاشکرا بن؟!

(موزیکی مەرگ، سەرسامی پرسیار).

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئەو گرێ کوێرانەی بەدوایاندا وێڵ بوین بکرێنەوە ؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئەی شیری مەرگ واتای کرانەوەی گرێ کوێرەکان نییە؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت دۆزینەوەی دایکی مەرگ قفڵ بونی فەلسەفە بێت؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: فەلسەفە جگە لە گڕوگاڵ چی نهێنییەکی مەرگی دۆزیوەتەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: جگە لەگێژاوی پرسیاری سواوو دوبارە بوەوە چی تری تێدا هەیە؟

کاراکتەری وێنەیی: کێ دڵنیاییەکی لێ وەرگرتووە؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، گڵۆپی ئاماژەیی هەڵدەکرێت).

گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: جگە لەفڵتە فڵت چی نهێنییەکیان رون کردۆتەوە؟!

کاراکتەری وێنەگر: بەشێکیان دەڵێن زیندوبونەوە هەیە، یان دەڵێن نییە؟!

(بێدەنگی و گومان).

**کاراکتەری وێنەیی: لەفەلسەفەدا چی ڕێگایەکی دڵنیاکەرەوەیان دۆزراوەتەوە؟!**

**(سەرسوڕمان).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت بڕوا بەکامیان بکەین؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: فەیلەسوفەکان لەدەیان پرسیاری بەجێ ماوەوە چی دڵنیاییەکیان بەخشیوە بە مرۆڤ؟!**

**(موزیکی پرسیار).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت : مێژوی فەلسەفە هەموی هەیە و نییەیە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چی وەڵام و دڵنیاییەکیان پێ بووە؟!**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: هیچ فەیلەسۆفێك نەیزانیوە مەرگ چییە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: مەرگی میتافیزیقییە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: یان مادی و میسالیە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت سیستەمی رەوتی بون بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: یان سیفەتی زیندوی مرۆڤایەتی و دوا پێناسەی بونە؟!**

**(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، گڵۆپی سپی هەڵدەکرێتەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: هەر فەیلەسوفە شتێك دەڵێت بڕوا بەکامیان بکەین؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: فەلسەفە لەجوینەوەی هەیەو نییە زیاتر چی نوێکارییەکیان ئافراند؟!**

**گڵۆپی سپی درەخت: شیری دایکی مەرگ دەخۆنەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: شیری مەرگ؟!**

**(دودڵی: گومان).**

**گڵۆپی سپی درەخت: کەواتە باسی فەلسەفەی مەرگ مەکەن؟**

**( موزیکی خەساندن).**

**گڵۆپی سپی درەخت: دەزانن شیری مەرگ لەوشك بوندایە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەتوانن بیخۆنەوە؟!**

**گڵۆپی سپی درەخت: بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ چاوگی خۆی؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: شیری مەرگ بخۆمەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی:کەواتە بوینەتە مەرگ؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەگەر مەرگ نەبوینایە دایکی مەرگ شیری نەدەداینێ؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: شیرەکە نەخۆیتەوە دەگەڕێیتەوە بۆ بون؟!**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: دایکی مەرگ چۆن شیر بەمرۆڤی زیندو دەدات؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت شوناسی بەمەرگ بونمان وەرگرتبێت؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: شیری دایکی مەرگ شیری نەمرییەو بەهای لەبوندا نییە، چۆن دەدرێتە زیندو؟**

**گڵۆپی ئامارژەیی درەخت: دەزانن دیداری دایکی مەرگ چەند چرکەیەکی ماوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەتوانیت بچیت شیری مەرگ بخۆیتەوە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: یان گڵۆپەکەی بکوژێنێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دیداری دایکی مەرگ؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چەند چرکەیەکی تر؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئایا دەزانن چەند چرکەیەك و دوایی نابینرێتەوە؟!**

**(موزیکی مەرگ، بێدەنگی، گڵۆپەکان سور دەبن، تاریکی و بێدەنگی فەزا دەگرێتەوە).**

# 9

( پشـــت زەمـــەن و روداو و شـــوێن، کاراکتـــەری وێنـــەگر لەگـــەڵ درەختەکـەو کاراکتـەری وێنەییـدا خـۆی وێنـا دەکـات، هەریەکـە گڵۆپێك دەمژن).

کاراکتەری وێنەگر: شیری مەرگ چی تامێکی گەردونی هەبو؟!

(موزیکی عیشق).

کاراکتەری وێنەیی: شیری دایکی مەرگ؟!

کاراکتـــەری وێنـــەگر: تامێکـــە پێناچـــێت هـــەرگیز لەوەوبـــەر تـــامم کردبێت؟!

**(بێدەنگی و سەرسوڕمان).**

**کاراکتەری وێنەیی: هەرگیز ناتوانم بەوشە وەسفی بکەم چی شیرێك بو، وەك ئەوەی تێزابی رۆح کێشان و نوری خواوەندی بێت بۆ گەیشتن بە جیهانی نەمری؟!**

**(بیدەنگی و تواندنەوە).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئەو عیشقەمان بەدەست هێنابێت ژیانمان لەپێناویدا کرد بەقوربانی؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: هەست ناکەیت لە عیشقی یەکتریدا تواوینەتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر : عیشقی مەرگ.. نوری خواوەندییەو بەدەست هێنانی مەحاڵە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی : ئەی ئێستا ئەو عیشقەمان بەدەستمان نەهێناوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت نیشانەکان دیاریان دابێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: ئاماژەو نیشانە لە رۆحتا بەرجەستە نەبووە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت وەك درەختی مەرگ لە ناخماندا سەوز بوبێت؟!**

**(موزیکی راڕایی و دڵنیایی و سەرسامی ).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت عیشقی مەرگ رواندنی درەختی مەرگ بێت لەرۆحدا؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەدرەختی ئەفسانەکاندا ئەو درەختەم خوێندبێتەوە؟!**

**(گومان، موزیکی عیشق).**

**وەرە دەم بخەینە ناو دەمی یەکترییەوە بزانین رۆحمان تیشك دەداتەوە؟!**

(کاراکتەری وێنەیی لە روانینیدا دەگرێت باوەشی پیادا دەکات و دەم دەخاتە ناو دەمییەوە).

کاراکتەری وێنەگر: هەستت بەو تیشکە رۆحییەی عیشق نەکرد؟

کاراکتەری وێنەیی: بروسکەیەکی کارەبایی بو زمانمی قفلڵ دا، رەنگە نەتوانم بە وشە وەسفی بکەم؟!

کاراکتەری وێنەگر: تیشکی رۆح وەسف ناکرێت، دەچێتە ناو پرسیارە ونەکانەوە، ئەوانەی هیچ وەڵامێك هەڵناگرن؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لەم گومانی گەردونییەدا زمانم سڕدرابێتەوە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت فەلسەفەو زمان سڕدرابێتەوە؟!

(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات، گڵۆپی ئاماژەیی هەڵدەکرێن).

**گڵۆپی ئامازەیی درەخت: ئەی درەختی مەرگ واتای سڕینەوەی هەمو بەهایەك نییە جگە لەمەرگ؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: واتای لەرەگ و ریشاڵەوە؟!**

**گڵۆپی ئامازەیی درەخت: ئامازەکان ناخوێننەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: کام ئامازانە؟!**

**گڵۆپی ئامازەیی درەخت: ئەی دایکی مەرگ شیری نەدا بەیەکەم نەوەی خۆی؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: ئەمە مانای کۆتایی فەلسەفەو زمان و بون ناگەیەنێت؟!**

**( موزیکی بێدەنگی).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت بون لەمەرگەوە دەست پیّ بکاتەوە؟!**

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لەگڕوگاڵ و پرسیارەوە زمان بپڕژێتەوە؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت لەم ئاماژانەوە زمان و بون دروست بکاتەوە؟!

(موزیکی سێکس، کاراکتەری وێنەگر دەستی دەخاتە ناو قژی کاراکتەری وێنەییەوە).

کاراکتەری وێنەگر: شیری مەرگ چی گڕوگاڵێکی زمانی گەردونییە؟!

(بێدەنگی).

دەبێت لە ئێستاوە گڕوگاڵ بکەین؟!

کاراکتەری وێنەیی: بزانە دەتوانیت بەو بڵێیت دایەو بەمنیش بڵێیت مەعشوقەکەم؟!

**کاراکتـەری وێنـەگر: ئـەی تـۆیش دەتوانیـت بڵێیـت: لـە عیشـقی مەرگدا بوین بەجەستەیەك؟!**

**کاراکتـەری وێنـەیی: لەبـەر ئـەوەی لەفەلسـەفەی مەرگـدا یـەکمان گرتۆتەوە؟!**

**زمـانی سـیمۆتیکی درەخـت: دەبێـت زمـانی مـەرگ لەگـەڵ گرێـی نهێنییەکاندا بکرێتەوە؟!**

**گڵـۆپی ئامـاژەیی درەخـت: زمـانی مـەرگ تـەنها لەمـەمکی دایکـی مەرگەوە واتا دەبەخشێت؟!**

**(شوێنەواری تەقینەوە، تاریکی، گڵۆپی درەختەکە دەکوژێنەوە).**

# 10

**(تاریکی، درەختەکە هەڵمی سەوز دەردەکات، موزیکی زمانی گڕوگاڵ، کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ کاراکتەری وێنەییدا وێنا دەبێت).**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئێرە فەزای نەمری بێت؟!**

**(موزیکی سەرسوڕمان).**

**لە دوا قومی شیری دایکی مەرگەوە فەزایەکم بینی لەهیچ فەلسەفەو کتێبێکی ئاینیدا باسی نەکراوە.. نازانم چی سەرسامی و ڕاڕاییەکە؟!**

**(بێدەنگی).**

**کاراکتەری وێنەیی: پێدەچێت ئەمە فەزای نەمری بێت؟!**

**کاراکتـــەری وێنـــەگر: بیربکـــەرەوە بزانـــە لێـــرەدا ناونیشـــانێکی نابینیتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت هاوشێوەی ئەم فەزایە بوبێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: تۆ بڵێیت هیواکەمان هاتبێتە دی؟!**

**(موزیکی سیکس).**

**کاراکتەری وێنەیی: هەتا مردن لە عیشقی یەکتریدا بتوێینەوە؟!**

**(بێدەنگی موزیکی عیشق).**

**کاراکتەری وێنەگر: وەرە با عیشقێکی گەردونی دروست بکەین؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت تێزابی مەرگ بمانتوێنێتەوەو بمانکات بەیەك رۆح و جەستە؟!**

**کاراکتـــەری وێنــەگر: دەبێــت نێرڤانـــای ئـــاین و فەلســـەفەکان تێکەڵاوبوبن؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت دایکی مەرگیان پێکهێنابێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئێرەییمان دوا وێستگەی پشتی زەمەن و بون بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت کۆتاییەکی تر بونی هەبێت؟!**

**(درەختەکە سەوز دەبێت و زمانی سیمۆتیکی دەکاتەوە).**

**زمـانی سـیمۆتیکی درەخـت: دەبێـت ئێـرە بەفـەزای دایکـی مـەرگ ناوبنرێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: لەوانەیە لەدوایەوە فەزای تری مەرگ هەبێت؟!**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت : لەدایکی مەرگتان پرسیوە؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: چی لێ بپرسین؟!**

**گڵۆپی ئامـاژەیی درەخـت: بـزانن بـۆ چـی فەزایـەکی نـەمریتان دەنێرێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: فەزای نەمری؟!**

**کاراکتـەری وێنـەیی: دەبێـت فـەزای نـەمری دوا نیشـتمانی هـەتایی بێت؟!**

**زمـانی سـیمۆتیکی درەخـت: دەزانـن ئێـوە سـەرفرازیتان بەدەسـت هێناوە؟!**

**(مـوزیکی نـەمری و سـەرفرازی، کاراکتـەری وێنـەگر کاراکتـەری وێنەیی وێنا دەکاتەوەو پاڵی دەخات).**

**کاراکتەری وێنەگر: مەعشوقەکەم سەرفرازیمان پێ بەخشرا؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لـەم ئێرە بونـەمان شوناسـی نیشـتەجێ بون وەرنەگرین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: کەواتە چوینەتە ناو فەزای نەمریەوە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: کاتی تێکەڵاوبونتان نەهاتووە؟!**

**(کاراکتـەری وێنـەگر دەم دەخاتـە نـاو دەمـی کاراکتـەری وێنـەیی و جوت دەبن).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: فەزای نـەمریی لـەجوت بونی عاشقانی مەرگەوە دیاری دەکرێت؟!**

**( موزیکی سێکس، سێکس).**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت هەست بە بونی فەزای نەمری بکەن؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: کەواتە چۆن فەزای نەمری ببینینەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چۆن بتوانین بیدۆزینەوە، لەناو تۆڕی گومان و ڕاڕاییدا گێژبوین و تاڵە دەزویەك ناكرێتەوە؟!**

**(کاراکتەری وێنەگر لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات گڵۆپی سەوزی گەلای نەمری و گڵۆپی سپی دەردەکەوێت).**

**گڵۆپی سەوزی درەخت: دەبێت ستونەکانی فەزای نەمری بدۆزنەوە؟!**

**( موزیکی نەمری).**

**گڵۆپی سپی درەخت: ئەی شیری دایکی مەرگ شوناسی زمان و فەزای مەرگ نییە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: عاشقەکەم تۆ فێر بویت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: ئەی تۆ فێر بویت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لەیەکەم پیتەوە فێر ببین؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: یەکەم پیت عیشقی مەرگ نییە؟!**

کاراکتـەری وێنـەگر کاراکتـەری وێنـەیی وێنـا دەکات و لـەدرەختی مەرگ دڕوانێت).

کاراکتەری وێنەگر: لەگەڵاو پیتـەکانی بڕوانـە، بزانـە یەکـەم وشـەی فەزایە؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت دووەم وشەیش پیتەکانی مەرگ بێت؟!

(موزیکی فەزای نەمری).

واتە فەزای مەرگ ناگەیەنێت؟!

کاراکتەری وێنـەگر: دەبێـت شـیری دایکـی مـەرگ ئـەم فەزاییـە وێنـا بکات؟!

گڵـۆپی ئامــاژەیی درەخــت: دەبێــت وەرگێــڕان لەســەر پیتــەکانی درەختی مەرگ بکەن؟!

کاراکتەری وێنەگر: وەرگێڕانی فەرهەنگی مەرگ؟!

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت لەپیتی گڵۆپی درەختی مەرگەوە دەست پیٚ بکەین؟!**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: چۆن ئاماژەی پیتی درەختی مەرگتان بۆ ناخوێندرێتەوە؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت زمانی مەرگ فەرهەنگێکی گەردونی بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت زمانی مەرگ زمانی کۆتایی هەمو زمانەکانی بون بێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چۆن لەم تەقینەوە گەردونیانەی زمان دەربچین؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: تەقینەوەی زمان بەردەوام دەبێت هەتا ئەو ساتەی زمانی مەرگ جێگەی نیشتەجیٚ بونی بون دەگرێتەوە؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: دەبێت ئێستای ئێرەبونی من بێت ؟!**

کاراکتەری وێنەگر: پرسیار لەوو لەوانی دواتر بکات چۆن و لەکوێ نیشتەجی دەبن؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت : دەبێت لەقفڵ بونی بون و زمانەوە سەرگەردان بوبێتین؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەم لێرە بونەوە ئێستای خۆدۆزینەوەوە دەست پێ بکات؟!

کاراکتەری وێنەیی: دەبێت هەمو شتێك قفڵ بوبێت؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت بون و نەبون بوبێتنەتە هێلکەیەکی ئاوێتەیی؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت گەردون فلیقابێتەوە؟!

گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: دەتانەوێت نهێنییەکانی بون و پشتە بون بزانن؟!

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئەو پرسیارانە بن وەڵامیان نییە؟!

کاراکتەری وێنەیی: پیٚ ناچێت بتوانین ئەو کلافانە بدۆزینەوە؟!

(موزیکی سێکسی).

کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لە سفربونی بونەوە بەچێژ وەرگرتن لەیەکتری بزانین نیشتمانی ئێرەییمان نادۆزینەوە؟!

کاراکتەری وێنەیی: ئەی چی تر هەیە سەرفرازی هەتاییمان پیٚ ببەخشێت؟!

زمانی سیمۆتیکی درەخت: بزانن ئێرە ئێرەبونی ئێوەیە یان هی ئەوانی دواترە؟!

گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: لەزمانی جەستەیی و رۆحی مەرگەوە ئێرەی فەزایی دەدۆزنەوە؟!

( موزیکی چێژ وەرگرتن، ، کاراکتەری وێنەیی کاراکتەری وێنەگر وێنا دەکات).

**کاراکتەری وێنەگر: دەتوانیت چێژم پێ ببەخشیت مەعشوقەکەی خۆم؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: چێژ وەرگرتن؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەتوانن وشەکانی زمانی مەرگ بیرخۆتان بهێننەوە؟!**

**(بێدەنگی، موزیکی مەرگ).**

**ئەی زمان ئاماژەی هێڵە سڕدراوەکان نییە؟!**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: دەبێت لێرەوە هێڵە سڕدراوەکان بنوسنەوە؟!**

**(کاراکتەری وێنەگر کاراکتەری وێنەیی بەخۆیەوە وێنا دەکات).**

**کاراکتەری وێنەگر: وەرە با بەجوت بونەوە ئاماژەکانی زمانی مەرگ بخوێنینەوە؟!**

کاراکتەری وێنەیی: هیچ پێ ناسەیەکی تر بۆ نیشتەجێ بون نەماوەتەوە؟

کاراکتەری وێنەگر: تەنها جوت بون؟!

(کاراکتەری وێنەگر کاراکتەری وێنەیی وێنا دەکات و پاڵی دەخات).

کاراکتەری وێنەگر: ئەمە خۆشبەختی نییە؟!

کاراکتەری وێنەیی: خۆشبەختی سێکس و زمانی مەرگ؟!

(بێدەنگی، سێکس).

کاراکتەری وێنەگر کاراکتەری وێنەیی وێنا دەکات:

لەوە دەچێت تۆ سکت هەبێت و منداڵێکت ببێت؟!

کاراکتەری وێنەیی: هەست دەکەیت سکم هەبێت؟!

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت لەدوای کۆتایی ژیانەوە لەدایك بونەوەیەك ببێت؟!**

**کاراکتەری وێنەیی: ئەگەرەکان بونەتە گومان و گومانیش ئەگەرن، هەست ناکەیت بێهۆش بوبێتین؟**

**کاراکتەری وێنەیی: بیٚ هۆشی و گومان و راڕایی لەوانەی گەردون بدورنەوە؟**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت زمانی مەرگ کۆتا زمانی گەردونی بێت؟!**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: دەبێت دایکی مەرگ بۆ نەمریتان بنێرێت؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: دەبێت ئێرە فەزای نەمری دوا نیشتەجیٚ بونی بون بێت؟!**

**زمانی سیمۆتیکی درەخت: دەبێت کلیلی نەمری لەدایکی مەرگ وەربگرن؟!**

**کاراکتەری وێنەگر: کوا دایکی مەرگ؟!**

**(گومان و سەرسوڕمان).**

**گڵۆپی ئاماژەیی درەخت: کلیلەکانی بون بەدەم بای ئەزەلییەوە ون بون و نادۆزرێنەوە؟!**
**دەنگی سیمۆتیکی درخت: ئەی نازانیت کلیلەکانی بون لەمەرگ دروست دەکرێن؟**

**کاراکتەری وێنەگر: داخرانێك گەردونی گرتووە بەچی دەکرێتەوە؟!**

**(ڕۆچون و تواندنەوە، گۆڕینی فەزا، موزیکی زمانی گەردونی).**

**دەبێت هەمو شتێك گۆڕدرابێت؟!**

**(لەگەڵ درەختەکەدا خۆی وێنا دەکات گڵۆپەکان دەکوژێنەوە، گەڵاکانی دەردەکەوێتەوە).**

**موزیکی ڕەوو کوشتارو جەنگ و تەقینەوە دەبیستم، دەبێت گەردون بەسەر بوندا داخرابێتەوە؟!**

(موزیکی سڕینەوەی بون).

دەبێت زمانم سفر بو هەست دەکەم موزیکی کۆتاییە؟!

(وچان موزیکی سڕینەوە).

دەبێت کاتژمێرو زەمەن و بون و مێژو سڕدرابێتەوە؟!

(کاراکتەری وێنەگرو کاراکتەری وێنەیی دەسڕدرێنەوە، نوزەی ساوایەکی تازە لەدایك بو شانۆ دەگرێتەوە، گەردون لەموزیکی گریەدا قفڵ دەبێت).

نوزەی ساوا: ئوووووووو

( تاریکی، تەقینەوەیەکی گەردونی فەزا سفر دەبێتەوە، موزیکی رەوی بیابان، گریەی ساوایەك هەمو دەنگێك خەفە دەکات.. لەساتێکدا گەردون دەگرێتەوە).

**سەلاح جەلال**

**دەرچوی زانکۆی عراقییە لە بەغداد. کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان. بەشی ئاینەکان و مەزهەبەکان و دایەلۆژی شارستانی. لە ساڵی.2011-2012 لە ساڵی 2014-2015 تەواوی کردووە.**

**بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە بەپلەی زۆر باشە لە هەمان بەش بۆ ساڵی** .2018=2021

**لە بڵاوکراوەکانی نوسەر.**

1- **کەوتنە خوارەوەی گەردون. شارای شیعریم. کۆی بەرهەمەکانی**2012/1989 .

2. (**سقوگ الكون** ) **ديوان شعری** 2000 .

3- **سدره الحسين) ديوان شعری** 2012 .

**4- کۆجیتۆی جەلال تاڵەبانی/ بەرگی یەکەم و دووەم/چاپی یەکەم** .2021

5- (**ئۆقیانوسی مەرگەسات) دەقی شانۆیی**/.2003

6- (**چیای ئاو) دەقی شانۆیی** /.2003

7- **کچانی بەفر (لادۆن سیلا)/ سیناریۆ. چاپی یەکەم** .2021

8- **پێڵاوەکانم و نێرەموکانی فیفا. سیناریۆ. چاپی یەکەم**.2022

9- (**سیمیا لە شانۆدا) لێکۆڵینەوەی شانۆ. چاپی یەکەم** .2009

10- (**ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ) ڕۆمان**/199. -2012 **بەرگی یەکەم.**

11- **ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ. ڕۆمان. بەرگی**1و2. چ1. 2019 چ2. 2021.

12- (**مۆسیقای مەرگی ناوەختە) ڕۆمان**/1997-2020

**13-** (نەفخ و وێنەی با)ڕۆمان 2020 چاپی یەکەم.